@naser_sobhani

دەزگای بەرهەم

(١٠)

# ئەحکام و حیکمەتەکانی رۆژوو

مامۆستا ناصری سوبحانی



چاپی یەکەم

١٤٣٧ك-٢٠١٦م

# بەشی دووەم

## ڕۆژوو هۆکاری تەزکیەی دەروون

- ڕۆژوو وەك هۆکارێك بۆ (موجاهەدەو تەزکیە)
- چۆنیەتی چوونەخزمەتی قورئان
- واتای وشەی (ئیمان)
- ئینسانیەتی ئینسان و خۆگرتنەوە (صیام)
- ڕۆڵی ڕۆژوو لە گەشەو تەزکیەی دەرووندا

@Naser_sobhani

## ڕۆژوو وەك هۆكارێك بۆ (موجاهەدەو تەزكیە)

لە بەرنامەی هیدایەتی خواییدا دەستوارتی زۆر هەن بۆ ئەوەی كە ئینسان (تەزكیە)ی خۆی بكاتو (موجاهەدە)ی نەفسی بكات، یەكێك لەو بەرنامانە ڕۆژوو (صیام)ە.

حەقیقەتی ڕۆژوو ئەوەیە كە: ئینسان لە بەرابەری خواستی نەفسیەوە لە زەمینەی خواردنو خواردنەوەو موباشەرەو كرداری جینسیی، ئەوەستێو كۆنترۆڵی نەفس ئەكات. ئەم كارەشی ئەبێـە هۆی پەیدابوونی مەلەكەو حاڵەتێكی جێگیرو هەمیشەیی لە ئینساندا، بۆ ئەوەی لە دواییدا لە هەر مونكەرێكی ترو هەرشتێكی تر كە خوا پێی ناخۆشە، بتوانێ خۆی زەبتو كونترۆڵ بكات.. یانی: دەورەیەكی پەروەردەیی سنوردار لەساڵدا، ماوەیەك بۆی دائەنرێت، كە لەم ماوەیەدا ڕاهێنان ئەكات، خۆی فێری زەبتو كونترۆڵ ئەكات، وائەكات لە خۆی كە (حوبب و نەفرەت)ی لە چوارچێوەی شەهەواتو ژیانی دونیادا دەربێنێتو ڕاهێنان ئەكات لەسەر ئەوەی كە خوازراوو نەخوتزراوو (مەحبوبو مەنفور) لەلای، ئەو شتانە بن كە لەلای خوا هەن، تا فێر بێت بۆ باقی ژیانی، كە بتوانێ ئەوەی كە خوا پێی خۆشە، ئەمیش پێی خۆش بێتو هەوڵی بۆ بداتو ئەوەش كە خوا پێی ناخۆشە خۆی لێ بگرێتەوە، ئەگەرچی مەحبوبی نەفسیشە.. ئەمە حەقیقەتی ڕۆژووە، جا با بەم ڕونكردنەوەیەوە بچینە سەر ئایەتەكان.



@Naser_sobhani

## چۆنیەتی چوونە خزمەتی قورئان

جا بۆ ئەوەی حیکمەتی ئەم ئەمرە (فەرمانی ڕۆژوو) دەرك بكرێ، ووردبوونەوە لەسەر دانە دانەی وشەكان پێویستە. بابەتێك هەیە كە پێویستە هەم لێرە، هەم لە تەفسیری هەر ئایەتێك وا لە هەر سورەتێكی تری قورئاندا، ڕەچاو بكرێت، بابەتەكە ئەوەیە كە: ئینسان لە كاتی چوونە لای قورئانو وەرگرتنی هیدایەت لە قورئان، ئەبێ زیهنی پڕ نەبێ، یانی: بیری ئەوەی ببێت كە ئەم قورئانە بە زمانی عەرەبی موبینەو وشەو موفرەداتی، موفرەداتی زمانی عەرەبین، ڕستەكانی هاوشێوەی تەرتیبی ڕستەبەندیی زمانی عەرەبییە، هەروەها هەر تایبەتمەندییەكی تر لە تایبەتمەندییەكان كە بۆ هەر زمانێك باس ئەكرێ.

ئینسان بەو شێوەیە ئەڕواتە خزمەتی قورئان، زیهنی خۆی خاڵی ئەكاتەوە لە هەرجۆرە زانیارییەكی شێواوی پێشوو، تا بزانێ چی دەست ئەكەوێ. بۆ نمونە: وشەی (صیام) ئێستا لەناو موسڵماناندا ئیتر بە واتای ڕۆژوو وەرئەگیرێت، یانی: ڕۆژوو بەو تایبەتمەندییانەی كە هەیە، واتە: لە سەرەتای بەری بەیانەوە تا خۆرئاوابوون، خۆ بگیرێتەوە لە خواردنو خواردنەوەو كرداری جنسی، بەڵام ئێمە كاتێك خەریكین تەفسیری ئەم ئایەتە ئەكەین، نابێ زیهنمان پڕبێت لەو واتایە، ، بەڵكو لەبیرمان بێت كە (صیام) یەكێكە لە (مفردات)ی زمانی عەرەبیو بگەڕێینەوە بۆ زمان، بزانین (صیام) لە زماندا یانی چی..؟

ئەگەر ئاوا بچینە پێشەوە، لەو چەند ئایەتەی باسی (صیام)دا، شتی گرنگمان بۆ دەرئەكەوێ، سەرەتا (خطاب) ئەكاتو لەسەرەتاوە ئەفەرمێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا﴾ البقره/١٨٣، ئەم ڕووی قسەتێكردنە كاتێك دەرئەچێ، بۆ داچڵەكاندنی ئەوانەی كە پێشتر پەیمانی ئیمانیان لەگەڵ خوادا هەبووە، وەك ئەوەی كە بخاتەوە بیریان، ئەفەرمێ: ئێوە پێشتر پەیمانێكتان بەست لەگەڵ مندا، پەیمانی ئەوەی ئەم دینە كە بەشێوەی كورتو پوخت (موجمەل) ناسیتانو تەسلیمی بوون، تەسلیمێكی وا كە ببێتە سەرچاوەی جووڵەتان -بەپێی داخوازیی ئەم دینە- بە موافیقی ئەم هیدایەتە، دەی ئەوا ئەو پەیمانە ئەخەمەوە بیرتانو ئێستە پێتان ئەڵێم كە یەكێك لە (جوزئیات)و (تەفصیلات)ی (موجمەل)ی دین، ئەوەیە ئێستە بەیانی ئەكەین كە: ئەی ئەوانەی ئیمانتان هێنا، یانی: بەشێوەی كورت هیدایەتی منتان ناسیو تەسلیمی بوون، تەسلیمێك كە لەسەری دامەزرانو دڵتان ئارامی گرت، تەسلیمێك كە ببێتە سەرچاوەی جووڵەو كردار، بەو جۆرە كە ئێمە داوا ئەكەین، یەكێك لە (جوزئیات)ی ئەو دینە كە ناسیتانو قبوڵتان كرد ئەمەیە. بە دەربڕینێكی تر: داخوازیی ئیمان كە ئێوە پێشتر بەدەستان هێنا، ئەوەیە كە ئەم ئەمرەیش ڕەچاو بكەن، بە پێچەوانەوە، ئەگەر بێتو ئەم فەرمانە ڕەچاو نەكەن، ئەوە لە بانگەشەی ئیمانەكەدا درۆتان كردووە.



@Naser_sobhani

ئەكرێ ئینسان بە كورتیی پەیمانێكی بۆ بخرێتە ڕوو و قبوڵی بكات، بەڵام دوایی كاتێ (تەفصیلات)و وردو درشتی بۆ ئەخرێتە ڕوو، تەماشا ئەكات كێشەو گرفتی تێدایە، پەشیمان ئەبێتەوە. لەبەر ئەوە ڕووی قسە ئەكرێتە موسڵمانان كە ئەو پەیمانەیان بكەوێتەوە بیرو بزانن كە موسڵمانبوون تەنها بانگەشە نەبووەو لێیان قبوڵ ناكرێ، بەڵكو لە داخوازییەكانی ئەو ئیمانەیان ئەوەیە كە ئەم فەرمانە كە ئێستە داوای ئەكات، ڕەچاو بكرێت.

## واتای وشەی (ئیمان)

(ئیمان) لە وشەی (أمن)ە، بەواتای ئارامگرتن، ئارامگرتنیش دوای نائارامیی‌و دوودڵیی‌و دڵەڕاوكێ دێت، ئینسانێك لەناو تاریكی جاهیلیەتدا بجوڵێ، هەروەك كەسێكە لە دەشتێكی زۆر فراوانداو لە شەوێكی تاریكدا، لە حاڵێكدا كە ڕێگەو مەبەست نازانێ‌و ڕێنومایەكی نیە، هەنگاو هەڵگرێ، ئەو ئینسانە هەر هەنگاوێك ئەینێ ترسی ئەوەی هەیە كە پێ بنێ بەسەر مارێك، دەعبایەك، دڕكێكدا، یان بكەوێتە ناو چاڵێك‌و پێی هەڵبكەوێ‌و بكەوێت‌و لەناو بچێت‌و تووشی بەڵاو موصیبەتێك ببێت، دەی ئاوا ئینسانێك دیارە كە چ حاڵێكی هەیە، تا كاتێك كە خۆر هەڵبێت‌و بەرچاوی ڕۆشن بێتەوەو ڕێگە بدۆزێتەوەو ڕەهنمایەكی دەربكەوێ، ئامانج‌و مەبەستی دیاربێت‌و بزانێ ئەگاتە مەبەستی خۆی، چۆن ئەو نائارامییە نامێنێ‌و ئەكەوێتە ناو ئارامش، ئینسانی جاهیلیش ئاوایە، تا كاتێك كە

نوری هیدایەتی پێئەگات، لەو کاتەدا ڕێ ئەدۆزێتەوەو ڕوو ئەکاتە مەبەستو ئامانجی، لەگەڵ ڕەهنمایەکدا کە ئەیگەیەنێتە مەبەستی، ئەجوولێتو لەو نائارامییو پەشێوییە دەردێتو دەکەوێتە ناو ئارامیی. ئەم حاڵەتە پێی ئەڵێن: ئیمان، یانی: دارای ئەمن بوون، ئینسان وای لێبێت کە ئەمنی دەست بکەوێت.

## نووسینی ڕۆژوو لەسەر بڕواداران

جا ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە، دوای ئەوە کە ئەم هیدایەتە بەشێوەی (موجمەل) پێیان گەشتووە، ناسیویانەو تەسلیمی بوونو لە جاهیلییەت دەرهاتوون، هەم لە بۆچوونو هەم لە بەرنامەی ژیاندا، ئارامیان گرتووەو وایان لێ هاتووە کە تەعبیری (آمنوا) بۆیان بەکاربراوە، کە: ئەی ئەوانەی وا بەناسینو تەسلیمبونی حەق، بوون بە دارای ئەمن، (ئەڵبەتە بە شێوەی (موجمەل) ناسیویانەو تەسلیمی بوون، ئێستە ئەمە یەکێك لە (جوزئیات)ە: ﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾ البقرە/١٨٣، (کتب) کاتێ بەکار ئەبرێ کە ئەمرو فەرمانێك، زۆر بە دڵنیاییەوە دەربکرێت بۆ ئینسان، ئاخر ئەگەر ئەمرێك شەفەوییو زارەکیی دەربکرێت بۆ ئەنجامدان، ئەگەری هەیە لەبیربچێتەوە، یان ئینسان لە ئەندازەیەك لە بەشەکانی بێ ئاگا بێ، سەرەنجام دوایی لە کردنیداو لە بەجێهێنانیدا فەرامۆشی بکاتو جارجارێکیش بەهانەی ببێ، چونکە زارەکیی بووە، بڵێ: لەبیرم نەماوە، لەبەر ئەوە ئیتاعەتم باش نیە.. بەڵام کاتێ دەستورێك بە نووسین



@Naser_sobhani

(کتابەت) دەرچوو بۆ کەسێك، ئیتر قورئان هەمیشە وا لەبەردەستیداو بەئەندازەی ئەوە بەرپرسیارەو حیسابی (شەهید)ی[1] لەگەڵدا دەکرێ، چونکە دەستوری نووسراو ئاوا تایبەتمەندییەکی هەیە، ئەو ئەمرانە کە بەشێوەی تەئکیدو دڵنیایی بۆ ئینسان دەرچوون، لە وەحی خواییدا وشەی (کتب) بەکاردێت.

## ئینسانیەتی ئینسان و خۆگرتنەوە

﴿کُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾ البقره/١٨٣، یانی: بەشێوەیەکی زۆر دڵنیاکەرەوە، بە جۆرێکی جێگیر، دەستور بە ئێوە دراوە کە (صیام) ئەنجام بدرێ، (صیام) لە (صَوْم)ە، یانی ئەمیش مەصدەرێکە وەك ئەو، بەواتای: خۆگرتن و خۆپارێزیی، جا پێشتر وتم: لەسنوری واتای زمانەوانیی ئەوەستینەوەو جارێ ناچین بۆ ئەو واتا ناسراوە

ئەفەرمێ: ﴿کُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾، یانی: بەشێوەیەکی دڵنیایی فەرزکراوە لەسەرتان، کە خۆتان بگرن، ئەمە ئیتر دیاری ناکات کە لەچی خۆبگرن، بەڵێ بەگشتیی خۆمان تێئەگەین کە خۆگرتن ئاساییە لە شتێك ئەبێ کە حەزو ئارەزوو بەرەو ئەو شتەیە. ئینسان غەرائیزی هەن، حەزو

---

[1] (شەهید) نە بەو واتا باوەی کە ئەمڕۆ بەکاردێت، بەڵکو بەواتای گەواهیدان و حازرو ئامادەبوون لەسەر شتێك، بە تێگەیشتن لە ئایەتی (لتکونوا شهداو علی الناس). خوێنەری بەڕێز دەتوانێت بەمەبەستی ئاگایی لەم چەمکە، سوود وەربگرێت لە وتارێکی تایبەتی مامۆستا ناصری سوبحانی دەربارەی زاراوەکانی (شهید، شهادت، شاهد). بەرهەم.

مەیلی بەرەو شتانێك هەیە، خۆگرتن عیبارەت ئەبێ لەوە کە: ئینسان کۆنترۆڵی ئەو غەریزانە بکاتو خۆبگرێتەوە لەوەی کە بچێت بەرەو ئەو شتانە، تەنها ئەوەی لێ تێدەگەین.

هەر ئەوە بابەتێکی زۆر گرنگی تێدایە، ئەویش ئەوەیە: کە بەسەرنجدان لەوەی لەپێشدا وتمان، ئەگەر بێتو ئینسان بەوجۆرە باربێت کە بەرەڵا بێتو لەوانە نەبێت کە کۆنترۆڵی خۆی بکات، ئەو غەریزانە کە تێیدا هەن، ئەو هێزی (حوببو نەفرەت)ە کە هەیەتی، بە توندی ئەکەوێتە کار لە چوارچێوەی ژیانی دونیادا، ئەوەی کە ئێستە (مەحبوب)ە، هەوڵی بۆ ئەدات، ئەوەش کە ئێستە (مەنفور)ە، خۆی لێ دوورئەخاتەوە، دەرەنجام هەروەك تەواوی حەیوانات، تەواوی کارو کردەوەی سنوردار ئەبێت لە بازنەی ژیانی دونیاو وەك ئینسان نامێنێت. جا بۆ ئەوەی کە ئینسان بێت، پێویستە خۆبگریتەوە، یانی: چاودێری خۆی بیٚو کۆنترۆڵی خۆی بکاتو لەو بارودۆخە خۆی دەربێنێ کە پێخۆشبووەکانی تەنها پێخۆشبووی ژیانی دونیا بن.

هەتا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەوەی کە ئایا ئینسان لە تەواوی تەمەندا وا بێت، یان تەنها چەند ڕۆژێك، وشە وشە ئەوەستین لەسەر ئایەتەکان.

کاتێ ئینسان سەرنج لەمە ئەدات، کە خوا داوای لێ ئەکات کە خۆی کۆنترۆڵ بکات، لێرەدا ئیتر ئەشێ بزانێ کە ڕوخسەتی نیە وەك حەیوانات



@Naser_sobhani

بێنەزمیی بکات، ئەبێت بەری ئەو بێنەزمییە بگرێتو لە حەرەکەتکردن لە بازنەی ژیانی دونیادا خۆی نەجات بدات.

﴿كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ﴾: خۆگرتنەوە، کۆنترۆڵکردنی غەرائیز، کۆنترۆڵکردنی نەفس، بە شێوەیەکی یەقینی، واجبکراوە لەسەرتان، ئەمەش پێویستیی ئینسانیەتە، هەرکەس، ئەگەر بێتو ئەوە نەکات، هەر ئینسان نیە، ئینسانی (بالقوة)یە، بەڵام سوودی نیە.

## خۆگرتنەوە فەرمانێکی هەمیشەیی

﴿كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ﴾، البقرة/١٨٣، ئەم ڕستەیەش بۆ ئەوەیە کە ئەفەرمێ: وەنەبێ ئەمە فەرمانێکی تازەبێ، تەنها بۆ ئێوە، یانی بۆ ئەم ئوممەتە، بەڵکو بەسەرنجدان لەوەی کە خۆگرتنەوەو زەبتو کۆنترۆڵی خۆکردن، شتێکە کە پێویستی ئینسانیەتە، لە تەواوی مێژووی ئینسانیەتدا چالاکەو بوونی هەیە، لەوکاتەوە کە ئینسان بووە ئێمە (صیام)مان لەسەر نووسیوە، بەشێوەیەکی دڵنیابەخش فەرمانمان پێکردووە، مادام ئەمە ئینسانیەت ئەیخوازێو لە تەواوی مێژوویشدا ڕەحمەتی خودا ئاوای خواستووە کە هیدایەتی ئینسان بدات بۆ ئەوەی کە ئینسان بێت، هەمیشە لە هەموو ئاینە ئاسمانییەکاندا هەر دەستور بە (صیام) هەبووە، شتێك نیە کە تایبەتی ئەم ئوممەتەی ئیسلام بێت.

﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾، البقرة/١٨٣، حیکمەتی ﴿کتب علیکم الصیام﴾ ئەمەیە لەوانەیە ئێوە ببن بە خاوەنی (تەقوا). لێرە نەیفەرمووە (تتقون) لە چ شتێك؟ واتە مەفعولی فیعلی (تتقون) نادیارە، لەمجۆرە جێگایانەدا کە (مەفعول)ەکە نادیار ئەبێتو (قەرینە)ش نیە بۆ ئەوەی کە چ شتێکە، ئەبێت ئێمە ئیتر تەنها (فعل)ەکەی لێوەربگرین، بۆ نمونە: ئەوترێت: (محمود یعطی): مەحمود دەبەخشێت: لێرەدا ئیتر حەقمان نیە بڵێین چی ئەبەخشێت؟ ئەبێ تەنها ئەوەمان لەبەر چاوا بێت کە ئەو کرداری (بەخشین) ئەنجام ئەدات. لێرەیش ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ یانی: بەشکو ئێوە واتان لێبێت کە ئەهلی تەقوا بن، ئەهلی خۆگرتنەوە بن، تەبعەن لەو شتانەی کە ئەبێت ئینسان بە ناونیشانی ئینسان خۆی لێیان بگرێتەوە.

وشەی (لَعَلَّ) بۆ ئەوە بەکارئەبرێت کە زەمینەی شتێك فەراهەم بووبێت، یانی: کاتێك هۆکارو پێشەکیی شتێك ئامادە بوو، ئاساییە دوای ئەوە ئەبێت شتەکە ڕوو بدات. وشەی (لَعَلَّ) لە قورئاندا بۆی بەکارئەبرێت، لەوانەیە ئێوە (موتتەقی) بن، یانی: ئەگەر بێتو ئەم (صیام)و زەبتو کۆنترۆڵە ئەنجام بدرێ، بەوشێوەیەی کە خوا نووسیویەتی لەسەرتان، ئەوە زەمینەی تەقواتان تێدا فەراهەم بووە، ئیتر دەرەنجامەکەی ئەمێنێتەوە کە تەقوایە. بۆ ئەوەش نافەرمێ: حەتمەن موتتەقی ئەبن،



@Naser_sobhani

چونکە تێگەیشتنێکی تەوحیدیی کە قورئان بەئێمەی ئەداتو ئێمەی حاڵی کردووە، ئەوەیە کە: ئەکرێت پێشەکیی فەراهەم بێت، بەڵام سەرئەنجام نەبێت، چونکە ئەوەیان بەدەست خودایە، ئەکرێت هۆکار فەراهەم بێت، بەڵام ئەنجام فەراهەم نەبێت، چونکە بەڕاستی کاریگەر خوایە، کاریگەر ئەو هۆکارە نیە، ئەکرێ هۆکار ببن، بەڵام نەهێڵێ کاریگەرییان ببێ.

دەرەنجام ئەم ڕۆژووە پێشەکیی ئەچنێو زەمینەسازیی ئەکات بۆ ئەوەی ئینسان (تەقوا) پەیدا بکات، بۆ ئەوەی (تەوەکوول)و پشتبەستنی لەسەر خوا بێت، داوا بکات، ئەویش تەقواکەی تێدا بەدیئەهێنێت. ئیتر ئەمە تەواو ڕۆشنە کە کاتێ ئینسان ڕۆژووی ئەنجام دا، یانی: بوو بە حاکم بەسەر غەرائیزی خۆیداو بەسەر نەفسداو کۆنترۆڵی خۆی کرد، ئیتر زەمینە فەراهەم بووە بۆ ئەوەی موتتەقی بێت، یانی: لە تەواوی کاتو لایەنی تری ژیانیدا، ئەوانەی وا خوا پێی ناخۆشەو نەهی لێ کردووە، لەوانە خۆی بگرێتەوە. هەر زۆر ڕۆشنە ئیتر چۆن ڕۆژوو ئەبێتە پێشەکی ئەبێتە زەمینەساز بۆ تەقوا.

جا گرنگ ئەوەیە پێش لەوەی بفەرمێ: ﴿أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ﴾، یانی: بەرلەوەی بفەرمێت لە مانگی ڕەمەزانداو ڕونکردنەوەی تر لەم زەمینەیەدا بدات، ئەفەرمێ: ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾، یانی خودی ڕۆژوو، زەمینەسازیی تەقوا ئەکات، بێ ڕەچاوکردنی ڕۆژەکانو تایبەتمەندیی مانگی ڕەمەزانو هەر بابەتێکی تر کە لە دواییدا دێت، واتە خودی ئەو زەبتو کۆنترۆڵکردنەیە،

ئینسان بەوە زەمینەسازیی ئەکات کە خواناس‌و موتتەقی بێت، کەواتە تایبەتمەندیی مانگی ڕەمەزان بابەتێکی ترە.

ئەبێ ئاوا ئینسان ورد بێت لە وشەکاندا، هەر لە سەرتاوە (صیام) بە واتای (صیام)ی ڕەمەزان واتا نەکاتەوە، تا حیکمەتەکەی لێ تێك نەچێ، چونکە لە دواییدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە تایبەتمەندیی مانگی ڕەمەزان، لە زەمینەسازیی بۆ تەقوا، چ ڕۆڵ‌و نەقشێکی هەیە..؟

آشنایی با شخصیت ، افکار و اندیشه های
استاد شهید ناصر سبحانی از اندیشمندان کُردستان ایران
کانال تلگرام:
@naser_sobhani



@Naser_sobhani